کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18-6-2007 21:24

## بە خۆشەویستی نێوانمان زۆر لە کێشەکانمان چارەسەر دەکرێت.... بەرێز حاجی



زۆرجار خۆشەویستی پانتایەکی فراوانی هەست و دڵمان داگیر دەکات، کە بەرامبەری مرۆڤ دەکەوێتە نێو دونیایەك لە ئەفسانەو ئەفراندن، کە جۆرێك لە تواندنەوە و ئاوێتە بوونی نێوان جەستەی دووکەس ڕوودەدات، کە ئەمەش شتیك کۆیان دەکاتەوەو پێی دەڵێن خۆشەویستی. مامەڵەکردن و قبووڵ کردنی خۆشەویستی لەکۆمەلگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە، بۆنموونە لە کۆمەلگەی پیشکەتووەکان بەتی قەنارەی لەمل نەکراوەو بگرە بەگوڵەوە پیشوازیی لێدەکریت، بەلام لە کۆمەڵگەی دواکەوتووەکاندا خۆشەویستی بەردی تیدەگیریت و کاربۆ لەناوچوونی دەکرێت. بۆنموونە ئەگەر لا پەرەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە ئەوا دەبینین ئەو داستانە ئەڤیندارییانەی کە کاتی خۆی دژایەتی کراون ئێستا خەڵکی شانازییان پیوەدەکات و بوونەتە سیمبولێك بۆخۆشەویستی، بەلام بەداخەوە هیشتا خۆشەویستی لەنێو کۆمەڵگەی ئێمەدا بەتەواوەتی ئازاد نەکراوەو بگرە زۆرجاران بەکاریکی ناشایستە ناوزەندیی دەکەن. بەواتای ئەوەی تاوەکوو ئێستا عەقلییەتە دواکەوتووەکانی نێو کۆمەڵگەکەمان ناتوانن هەزمی ئەوە بکەن کە خۆشەویستی هەستیکی پاکە. چونکە هەبوونی پەیوەندیی خۆشەویستی نیوان کچ و کور تاوەکوو ئێستا لەوولاتی ئیمە بەزاندنی هیلی سوورە و کووشتن و توندوتیژیی بەدواوەیە. لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ئایا ئەورێژە زۆرەی کووشتن کە ئەم چەند ساڵەی دوایی بەناوی نامووس پەرستیی و فرۆشتنی شەرەفی بنەماڵەوە پەرەی سەندووە لە سەرچ بنەمایەك حیسابی بۆدەکرێت؟ کی بەرپرسیارە لە پەرەسەندنیی تووندو تیژیی؟ کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی یاخوود تاك؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە لای ئەوکەسانە دەستدەکەوێت کە بەوشێوەیە بیردەکەنەوە. بیگومان وەك هەمووومان دەزانین ماوەیەکە رەوش و باری ژیانی ئافرەت لەکوردستان بەرەو ئاقاریکی خراپ هەنگاو دەنیت، کە لەژێر سیبەری عەقلییەتیکی دواکەوتوو ئافرەتانمان بەهەموو شیوەیەك لەژیرناوی پاراستنی شەرەف و کرینەوەی نامووس کە پیاوەکان کردوویانە بەبەهانەیەك بۆ داپۆشینی ئابرۆچونیان، کەم رۆژ هەیە کووشتنی ئافرەت نەبیتە مانشیتی سەرەکی رۆژنامەکان و مقۆمقۆی خەلك. بە بۆچوونی من نەبوونی ئینتیما بۆ (خاکەکەت) ئەوە خیانەت و فرۆشتنی شەرەفە نەك خۆشەویستی نێوان کوڕو کچێك کە دونیایەك جوانی بەیەك دەبەخشن، شتی زۆر لەوە گرنگتر هەیە شەرەف و بەهای بنەماڵە و میللەتێکی پێبکرڕدرێتەوە، چونکە پاراستنی شەرەف بەتەنها شەرفی ئافرەت نییە. بەڵام بەداخەوە لەووڵاتی ئێمەدا بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ پاراستنی شەرەفدا دەکرێت و پێیان وایە خوێن ڕشتن و کووشتنی ئافرەت کڕینەوەی شەرەفە. بەپێچەوانەوە لە وولاتە پێشکەوتووەکانی دونیادا هەولّی ئەوە دەدرێت کە چۆن عەقلییەتە دواکەوتووەکانی نیوکۆمەڵگە چاکسازیی تیابکرێت و ئەو پرسانەی کە لەخزمەتی مرۆڤایەتی دا هەیە بیکەنە کلتووری خۆیان و شانازیی پێوە بکەن بۆ هێشتنەوەی ماناکانی جوانی، نەك وەك وولاتی ئێمە کە شتە ناشرینەکان خەریکە دەبنە کلتوورو ئازاری تاکەکانی نیوکۆمەلەی پێدەدریت. کووشتن و ئازاردانی ئافرەت دیاردەیەکی نامۆنییە بە کۆمەڵگاکەمان، بگرە لەدوای

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:24 18-6-2007

ئەوپیشکەوتنانەی کە مرۆڤایەتی پێیدا تێپەڕیی، کات و هاوسەنگی ژیان رۆلیکی کاریگەری نەبینی لەڕووی چاککردن و پێشخستنی دابوونەریت و عەقلییەتە دواکەوتووەکان، ئەوەی جێگەی سەرسوورمانە ئەو کەسانەی کە توندوتیژیی لە بەرامبەر ئافرەتان بەکار دەهێنن و دەیانکووژن، لە بەرچاوی حکومەت و پەرلەمان و وەزارەتی مافی مرۆڤ و چەندین سەندیکاو ڕێکخراویی ئافرەتان و ژنان و خوشکان و یاسا ' ئەنجامی دەدەن!!!!!لەمبارەیەوە بەپێی ڕاپۆرتە هەواڵێکی ڕۆژنامەی کوردستانی نوی ' تاوەکوو ئێستا نزیکەی 82کەس لەسەرتاوانی کوشتن لەسەر نامووس پارێزی دادگا سزای داون و نزیکەی 49کەسی دیکەش بەهامان تاوان ڕاگیراون لەزیندان، جگە لە وەی کە لەماوەی یەك هەفتەدا 10 ئافرەت لەهەرسی پارێزگاکەی کوردستان کوژراون، ئەمە بیجگە لەو ئافرەتانەی کە بە شاراوەیی دەکوژرێن و ئامارنەکراون. لێرەدا گلەیم ئاراستەی ئەو ڕێکخراو سەندیکا مەدەنییانەی ئافرەتان و ژنان و خوشکان و لەسەرووی هەموویانەوە وەزارەتی مافی مرۆڤ دەکەم ' کە بەداخەوە وەك پیوویست بەئەرکی سەرەکی سەرشانی خۆیان هەڵنەساون، کە لەجیاتی ئەوەی بەشان و باڵی یەکتریدا هەڵ بدەن ' بۆ هەوڵ نادەن چارەسەرییەك بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی کوشتنی ئافرەت بدۆزنەوە، نەوەك چاوەروان بن تا ئافرەتێك دەکوژرێت ' پاشان ڕێپیوان و بەیاننامەی نارەزایەتی لەسەر دەربکەن، ئەگەر وەزارەتی مافی مرۆڤمان نەبوایە دەمانووت نییمانەو کەس نییە غەم بۆ پێشیلکردنی مافەکانمان بخوات ' بەڵام داخەکەی گرانم لەبەردەم بینایەی وەزارەت ئافرەت دەکوژرێت و مافی مرۆڤ پیشیل دەکریت ئیدی دەبیت چ دلیکمان بەهەبوونی ئەو وەزارەتە خۆش بێت. ئەوەتا لەژمارە 329ڕۆژنامەی هاوولاتیدا ئافرەتیك هاوارتان بۆدەکات و پیتان دەلیت ئەگەر هەول بۆچارەسەریی کیشەکانم نادەن ئەوا خۆم دەسووتینم و پاشان مەلین بە پەرەمیز سووتا، بۆیە داواتان لیدەکات کە بەدەنگ چارەسەریی کیشەکەیەوە بچن و لەم مەینەتییە رزگاریی بکەن، چونکە راستەخۆ پەیوەندیی بەئیوەوە کردووەو ئیوە دەبیت ببنە سەرچاوەی چارەسەرکردنی کیشەکەی!!!! لەکۆتایدا هیوادارم هەرکەس و لایەنیکی بەرپرس لەچارەسەرکردنی کیشەی ئافرەت هەول بدات کە ئەو بەرپرسیاریتییەی لەسەر شانیتی بەئامانەتەوە بەجیی بگەیەنیت و چیدیکە بیدەنگی نەکەنە سەنگی مەحەکی خۆیان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.